الاتحاد العام اللاجئين العراقيين
INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES-IFIR

# فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی،
# هەر جۆرە پەلاماردان و دەستدرێژی ولەشکرکیشی یەکی حکومەتی تورکیا
# بۆ سەر خەڵکی کوردستان سەرکۆنەو محکوم دەکات

دوێنێ بە ناوی پاراستنی تورکمانەکانی کەرکوك و ئەمرۆ بە ناوی پاراستنی ئەمنیتی قەومی تورکیاوە، جارێکی تر کاربەدەستانی دەوڵەتی سۆڤینستی تورکیا  بەبەهانەی چالاکی پەکەکەوە کەوتۆتە تەبلیغاتی جەنگی و لەشکرکێشی سەربازی و خەریکە زەمینەی پەلاماردانێکی بەربڵاوی سەربازی بۆسەر ناوچەکانی کوردستانی عیراق بەری دەخات، کەبێشك بۆتە مایەی سەرگەردانی و ئاوارەی گوندەکانی سەرسنوری کوردستان.

دەوڵەتی فاشستی تورکیا بەخاتری راگرتنی هاوسەنگی سیاسی خۆی و دەخاڵەتی لە بارودۆخی سیاسی عیراقدا ئامادەیە دەست لەهیچ تاوان و کوشتارێك نەپارێزێ وژیانی ئێستاو داهاتووی خەڵکی کوردستان بۆبەرژەوەندیـیە گلاوەکانی خۆی بخاتە بەردەم سیناریۆیەکی تاریك و بیدەرەتانییەوە. ئەمەش زەنگێکی خەتەرەو ئایندەی کوردستان لەبەردەم پێشهاتنی بارودۆخێکی نالەبارو پرمەترسی و دەربەدەری دا رادەگرێ، کەلە هەر ئینسانێکی ئازادی خواز ورێکخراوە ئینسان دۆستو حزب و ولایەنەکان و پشتیوانی نیو دەوڵەتی دەخوازێ کەراستەوخۆ ولەئاستیکی فراواندا دژ بەم هێرش و دەستدریژیانەی  دەولەتی تورکیا   خەبەرداربکرێن ورابوەستنەوە.

فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی ئەم هەڵوێستە شەرخوازانەیەی دەوڵەتی تورکیا بەتوندی ئیدانەو محکوم دەکات و بەو پەری تواناوە لەکەناری خەڵکی کوردستان وپاراستنی بەرژەوەندیەکان و داهاتوویەکی ئینسانی بۆ خەڵکی کوردستان رادەوستێ.

هاوکات داوا لەتەواوی رێکخراوەکانی ماڤ مرۆڤ و رێکخراوە ئینسان دۆست و حزب و لایەنە سیاسی وپەرلەمانتارەکانی ئەوروپا و خەڵکی ئازادی خوازی دنیا دەکات فشار بهێنن بۆ راگرتنی دەست بەجێ لەشکرکێشی وهەرەشەکردن و تۆپ بارانکردنی دەوڵەتی تورکیا بۆ سەرخەڵکی کوردستان و ناکام کردنەوەی ئەم سیاسەتە دژی ئینسانیە..

**سکرتارێتی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی**

2007-10-17

POBOX1575,ILFORD IG1 3BZ ,LONDON,UK  Tel:0044 7856032991 ,
00447895636633,0041787557786,004799387599,
ifir2007@yahoo.com d.jamal@ntlworld.com

www.csdiraq.com